# بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا(٤)

نووسینی: تاهیر عەلیار

*[[ **ڕوونکردنەوە و داوا:** زنجیرەی نامە و دۆکومێنت، وەرگیراو لە کتێبەکانی مەحموود مەلا عیزەت، ڕەنگە لە لایەن ڕێزمان و شێوەی نووسین و بەکار هێنانی وشە، لە گەڵ زمانی کوردی سەردەمی ئێستا جیاواز بێ، هەروەها ڕەنگە سەرەڕای ڕوونکردنەوەکانی نووسەری کتێبەکە، پێویست بە زانیاریی و ڕوونکردنەوەی زۆرتر بێ. ئێمە ناتوانین دەست لە زمانی کتێبەکە وەربدین، بەڵام ئەگەر زانیاریی باوەڕپێکراو لە لایەن شارەزایانەوە سەبارەت بە بابەتەکانی ئەم زنجیرەیە بگاتە دەستمان، بە ناوی نووسەر و سەرچاوەکەیەوە، بڵاوی دەکەینەوە.]]*

*وێڕای سپاس بەرپرسانی پرۆژەی بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا*

## دەوڵەتی جەمهووریی کوردستان ، نامەو دوکۆمێنت(١٢-٤)

### نامەی حەمەڕەشیدخان بۆ کومیتەی مەرکەزیی حزبی دێموکراتی کوردستان. 13250425

دائیرەی فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی لەسەرا ، قەڵەمی ستاد

بۆ کومیتەی مەکەزیی حزبی دێموکڕاتی کوردستان

مەوزووع : خەیانەتی ئاغایانی گەورکە

بەوەسائق و ئیستنادی موتەعەدید ئیسبات بوەکەئاغایانی گەورک ئەکسەریان خائینن. ئەو ئاغایانەی کەهاتوون بۆ ساباڵغ لەو تاقمەن کەرووحەن و جەسەدەن عەجەم خواهن. هەر نیسبەتێک کەدەرهەق بەفەرماندەی هێزی گوڵۆڵان ئاغای هاشم هەمزەیی بدەن خلافی حەقیقەتە. ئەو فەرماندەی گوڵۆڵانەشەخسێکەزۆر قابل و ....موخلیسەبەدەوڵەتی دێموکرات . لەهەموو جیهەتێکەوەئەم زاتەئەمساڵ ئیقدامی هونەرمەندانەی بۆ مەسڵەحەتی دێموکڕات بەخەرج داوە. جا بەو موناسەبەتەوەپێویستەهەتا هیچ ئەندازەیەک ئاغایانی گەورک تەلتیف نەکرین وئیعتبار بەموڕاجەعەو شکایەتیان نەکرێ چونکەهەموو موراجەعەو قەولێکیانلەزیدی مەسالحی دێموکڕاتە.

فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی لەسەرا

---

### نامەی حەمەڕەشیدخان بۆ وەزارەتی بەرزی هێزی جەمهووریەتی کوردستان 13250426

مەوزووع: تەئەسوری شەهیدی وەتەن ئاغای نانەوازادەیە

بەهەموو حسیات و مەعنەویاتێکی قەلبیمەوەئیزهاری تەئەسوری هەرەبەرزم ئەکەم دائیر بەشەهیدبوونی ئاغای محەمەدی نانەوازادە. حەقیقەتەن ئەو لاوەگەنجێک بوو کەلەهەموو مەفرووز و سابقەیەکی فنوونی سیاسی و ئاڕای ئیجتماعی میلەتی کورددا ئیفتخاری پێوەبکرایە. ئەو زاتەیەکێک بوو لەو قارەمانانەی جهان کەلەمەسافی دیپلوماسی و بەرهەم هێنانی ئازادی و وەتەن خوایی دا گیانی پیرۆزی خۆی بەنیشتمانی موقەدەسی کورد بەخشی. نەزەر بەخودوومانی موخلیسانەو عەمەلیاتی لایقانەی ئەو نەوجەوانەحەمیەتدارە، ئەوەبەناوی خۆم و هەموو هێزی مەعییەتم سەرەخۆشی نەمانی ئەو لاوەتاریخیەتان لێ ئەکەم. هیچ شک نیەکەلاشەی ئەو گەنجەقیمەت دارەبوەبەخشێکی ئەساسی لەبنچینەی ئیستقلالی کوردستانا. هەتا ئاخر نەفەسم شەریکی ئەو تەعزیەیەم کەبەهۆی نەمانی ئەو برا موجاهیدەمان بەسەر ڕۆژی کورداهاتوەو ئاخر یادگاری ئەو لاوەهونەرمەندەم بەپایەبەرزی ئازادی کورد و سەلامەتی پێشەوای مەحبووبمان ئەهێنم.

---

**نامەی حەمەڕەشیدخان بۆ میرحاج 13250426**

بۆبازرەسی هێزی جەمهووریەتی کوردستان پات پوڵکونیک ئاغای میرحاج

مەوزووع : شەهیدیی نانەوازادەو ماشێنەکانە

ئیشارەیەبەنووسراوەتان شومارەو رۆژی 13250426

1. قەزییەی موتەوەفابوونی نانەوازادەم بەنووسراوی شومارە898 و رۆژی ئەمڕۆ بۆ نووسیوی. جارێ مەسەلەڕۆشن نەبوەکەئەسبابی شەهیدبوونی چیە؟

2. ئەو ماشێنانەهەر لەئاخکەند گل بدەنەوەهەتا دەستووری سانی.

3. بەفەوری تەشریف ئەهێنن بۆ سەرا بۆ بەعزەموزاکەراتێک زەرووری

فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی لەسەرا

---

**نامەی سەرتیپ هومایوونی بۆ حەمەڕە شیدخان 13250426**

شومارە119

ئاغای محەمەدڕەشیدخان قادرخان زادە

بەداخێکی بێ سنوورەوەدوێنێ ئاغای نانەوازادەلەئەنجامی یەک رووداوی فڕۆکەلەنزیک کەلیخان خانەی بەجێهێشت . لەو رووداوەناخۆشە، دڵنەواییتان دەکەم. ئەوڕۆ دوای تەواوکردنی مەراسیمی بەڕێ کردن بەتەشریفاتی سەربازی لەسەقز جەنازەی لەدەست چوو بەیەک کامیون لەگەڵ ئاغای سەدیقی و مازووچی و نومایەندەی سەروان یەزدان پەنا بۆ مهاباد نێردرا.

لەهەمان کات دا ئاگادارتان دەکەم کەهەشت کامیون هێز لەکاتی گەڕانەوەبۆ سەقز سەعات حەوتووسی دەقیقەبەهۆی سەربازگەکانی رێگەوەستاندوویانە، دەستوور بدەن کەنامەیەک بۆ سەربازگەکان رێگا بنووسرێ کەئەمرۆ کامیونەکان بنێرنەوەبۆ سەقز.

فەرماندەی لە شکری 4 ی کوردستان: سەرتیپ هومایوونی

---

**نامەی حەمەڕەشیدخان بۆ سەرهەنگ هومایوونی 13250426**

دائیرەی فەرماندەی هێزی مەنتەقەی سەقز و ئەتڕافی

بۆ جەنابی سەرلەشکری سەقز ئاغای سەرهەنگ هومایوونی موحتەرەم

مەوزووع : تەئەسوراتی ئاغای نانەوازادەیە

ئیشارەیەبەنووسراوی ژمارە119 و رۆژی 13250426 تان

1. دائیر بەشەهیدبوونی پاد پوڵکونیک ئاغای نانەوازادەئیزهارتان فەرمووبوو . هیچ شک نیەکەزاتێکی وەکوو تۆ وەتەن پەرەست حس ئەکات کەنەمانی گەنجێکی باشەهامەتی وەکوو شەهیدی مەرحووم نانەوازادەکەمیزانی ئازادیەتی هەموو برادەرانی ئێرانی پێ لەنگ ئەبێ ، جا بەو موناسەبەتەوەبوەکەرووحیەی بەرزی ئێوەبۆ وەفاتی ئەو برایەبەقیمەتەتان کەوتۆتەئیزترابەوە. جیدەن تەشەکوری حسیاتی بەرزتان ئەکەم بۆ ئەو مەوزووعە.

2. بۆ مەسەلەی ماشێنەکانی ئێوەهەتا ئێستا تەقریرم لەبازرەسی جەبهەوەرنەگرتوەبەڵام وەکوو شەفەویەن ئیستماعم بوەماشێنەکان نەقڵی دێی ئاخکەند کراون . شایانی مەراق و تەعەجوب نیەبەیانی لەپاش تەحقیقات بەبێ نوقسانیەت ئیعادەی سەقزیان ئەکەمەوە.

فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی لەسەرا

---

**نامەی سەرهەنگ 2 شوجاعی بۆ محەمەدکەریم نوخبە13250404**

ئاغای محەمەد کەریم نوخبە

کاتێ کەلۆریەبار هەلگرەکانی ئازوقەلەسەردە شت دەگەرانەوە، تفەنگ چیەکانی تۆ لەملەی لغاوگیرەرێگەیان لێ گرتوون و تەنگیان پێ هەڵچنیون و تەنانەت لەئیهانەی سەرباز و سەرقۆڵەکان دەستیان نەپاراستوەکەئەو کارەش بەبێ گومان بەئاگاداری تۆ بوە. بەکاری ویژدانیی خۆمی دەزانم تا ئەو کاتەی لەتوانام دا هەیەجەنابت کەبەهۆی ئەو پڕوپاگەندەپڕووپووچەی کەگوایا حاجی بابەشێخ (1) هاتوەتا پادگانی سەردەست و بانەوەربگرێ لەرێی راست لات داوەو دەستت داوەتەجم و جۆڵ، رێنما بکەم و وەزعەکەشی بکەمەوەو شەرحی بکەم. تیمسار سەرلە شکر رەزمارا بریاری دابوو ستوونی لۆری سەربازهەڵگر کەلەچل کامیون پێک هاتوەرۆژی 13250328 لەسەقزەوەبەرەو سەربازگەکانی میرەدێ و بانەوسەردەشت بنێرێ بۆ گەیاندنی ئازووقەو پێویستیەکان . بۆ پاراستنی کامیونەکان ژومارەیەک سەربازیان بۆ دانراوە. سەعات چواری رۆژی 13250325 سکورتەکەلەبەرزاییەکانی مامەشا لەگەڵ کوردەکان رووبەروو بوون و لەئەنجام دا شەرێکی سەخت روویدا . کوردەکان بەزەرەر و زیانێکی زۆرەوەکشانەوەدواوەو بەرزاییەکانی مامەشا لەلایەن سەربازەئازاکانمانەوەگیرا. لەبەرئەوەی کات درەنگ بوو جووڵاندنەوەی کامیونەکان کەوتەسبەی.

لەئەنجامی لێدانی سەخت لەدژی کوردەکان و چۆڵکردنی بەرزاییەکانی مامەشا دۆخی جێگاکانی مەڵقەرەنی و مەخوز و ئاڵتوون کەمەڵبەندی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی کوردەکان بوو کەوتەبەر مەترسی . ئاغای قازی محەمەد یەکسەر و ئاغای حاجی بابەشێخ بەهۆی نامەوەداوای بینینی تیمساری سەرکردایەتی بازرەسی یان کرد، ئەویش قوبووڵی فەرموو وخۆیان بەتەنیا روەو سەرا تەشریفیان برد. لەناو قسەکاندا تیمسار قازی محەمەدی لەبریارەکەی خۆی ئاگاداردەکەن و دەفەرموون سبەینێ بەزۆر ئازووقەبۆ پادگانەکان دەنێرن . ئاغای قازی محەمەد دەری خست لەکاتیک دا مەبەستتان گەیاندنی ئازووقەبێت ئێمەقەبووڵی دەکەین کەئازووقەبەپادگانەکان بگەیەنرێ و لەبەکارهێنانی زەبری سەربازی تا کۆتایی گفتووگۆ لەتاران خۆ بپارێزرن. تیمساری سەرکردایەتی پشکنین ئەوەقەبووڵ دەفەرمون و لەبەرابەر بەڵێنیەکی وادا ئاغای حاجی بابەشێخ و پوڵتوکونیک نانەوازادەلەگەڵ تیمسار بۆ بینینی رێگا و فەرمان دەرکردن بۆ رۆیشتنی ... کوردانەی لەسەر درێژایی رێگای سەقز دامەزرابوون بەو جۆرەی کەئاگاداریتان هەیەیەک شەو لەبانەو یەک شەو لەسەردەشت دەمێننەوەو سەر لەبەیانی رۆژی 13250331 بەفڕۆکەبۆ سەقز مراجەعەت وەیەکسەر تیمساری پشکنین بۆ تاران وەئاغای قازی محەمەدیش بۆ تاران حەرەکەت دەکەن. ئێستا لەتاران خەریکی گفتوگۆن. دەنگوباسی کەگەیشتوەوادەڵی کەخەڵکی پایەخواز و ماڵوێرانکەر ئەم رووداوەیان بەجۆریکی تر بڵاوکردۆتەوەبەخەڵکی سادەو خۆش باوەریان وتووەکەئاغای حاجی بابەشێخ و ئاغای پولتکونیک نانەوازادەهاتوون پادگانەکانی بانەو سەردەست وەربگرن . جا ئێستا بۆخۆت لێکی بدەرەوەکەچۆن و بەچ تەرتیب و پڕوپاگەندەیەک ئێوەشیان خستۆتەناو کۆری خۆیانەوەوبەدژ پێنیشانیان داویت . ئاغایانی بەگزادەئەوەش بزانن کەکۆکردنەوەو مۆڵکردنی تفەنگچی لەلایەن ئێوەوەکار ناکاتەسەر دۆخی پادگانەکان . ئەمرۆ ئەگەر ئێوە200 تفەنگچی کۆبکەنەوەلەلایەکی ترەوە400 نەفەر شکاک دەگەڕێنەوەبۆ جێگەو رێگەی خۆیان و لەو وەزعەماندوو بوون و ئیتر بەو پروپاگەندانەفریو ناخۆن. ئەوانەسێ مانگەفریویان خواردوەو ئێستا کەلەراستیەکەگەیشتوون بەبروای من ئێوەدرەنگ دەستتان پێکردوەو بێ ئەنجامیش خۆتان پیاو خراپ کردوەو کاتێک لەدرۆی ئەو پڕوپاگەندانەتێ دەگەن کەکار لەکار ترازاوە. لەبەر ئەم بناغەی خوشەویستیەو یەکیەتیەکەلەنێوان من و یەکەیەکەی ئێوەدا هەیەئامۆژگاریتان دەکەم کەجارێ بێدەنگ دابنیشن و دەست لەهیج کارێ مەدەن تا ئەنجامی وتووێژ روون دەبێتەوە. ئەگەریش بتانەوێ بەدروستی لەرووداوەکان ئاگاداربن هەموو رۆژێ یەک کەس بنێرنەلام تا بەدرێژی رووداوەکان بۆ ئێوەبنووسم و ئێوەئاگادار بکەم.

تفەنگچیەکانتان ئیزن بدەن و هەریەکەبچنەوەئاوایی خۆیان و نامەنووسین و پێوەندیانلەگەڵ من ببێ. دەتوانن ئەو پێوەندیانەبەنهێنی رابگرن . گرتنی ملەو باسک و دەست بەسەرداگرتنی ئەو گوندانەی خزمەتگوزارانی دەوڵەتن و تاڵان کردنی رەعییەت، کردەوەی ئاشووبگەر و ئاژاوەچین نەک هی دێموکرات خوازان.

لەلایەن فەرماندەی تیپی بانە: سەرهەنگ 2 شوجاعی

---

1. روونکردنەوە: حاجی بابەشێخ خەڵکی ئاوایی تورجان لەنزیک بۆکان و لەبنەماڵەی سەیدەکانی تورجان و زەمبیلە. لەسیماناسراوەکانی جووڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لەرۆژهەلاتی کوردستان و لەئالاهەڵگرانی ئازادیەلەوناوچەیە. هێندێک سەرچاوەوەکوو سەرۆک وەزیرانی کۆماری کوردستان نێوی دەبەن بەڵام خالیداغای حیسامی (مامۆستا هێدی) لەکتێبی بیرەوەریەکانی دا (ئاوێنەی شکاو) دەڵێ : کۆماری کوردستان سەرۆک وەزیرانی نەبوەو حاجی بابەشێخ سەرۆک وەزیر نەبوەبەڵکوو سەرۆکی مەجلیس بوە.

**درێژەی هەیە**